DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.26

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# چەمکی فەلسەفە لە تێگەیشتنی ‹مستەفا زەڵمی› دا
# لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەیی

**پ.ی.د. نەوزاد جەمال حەمەفەرەج**

**دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی (KISSR)**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی**

**پوختە**

یەکێک لەو یاساناس و ئەکادیمستانەی کوردستان کە لەگەڵ پسپۆڕیی لەبنەماو ڕێساکاندا، هەوڵیداوە سوود لەزانست و بوارەکانیتریش وەربگرێت، د. مستەفا زەڵمی‹(١٩٢٤ -٢٠١٦)یە١. ئەم ڕەهەندە بەڕوونی لەنێو بەرهەم و بیرکردنەوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو هەر ئەمەش وایکردووە کە خاوەنی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی بێت، بەتایبەت لە بابەتی شەرعی و ڕاڤەکردنی دەقەکاندا. هەر ئەوەشی وایکردووە لەزاناکانیتر جیاوازتر دەربکەوێت، ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونی خۆی گەڵاڵەکردووە. لەم سۆنگەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات تێگەیشتنی ئەو زانایە سەبارەت بەپێناسەو مانای فەلسەفە لەڕێگەی خوێندنەوەی ‹سێ بەرهەم›ییەوە شرۆڤەبکات. شایەنی ئاماژەکردنە، زەڵمی لەزۆر جێگەدا زاراوەی ‹فەلسەفە›ی هێناوەتە بەرباس و بەمەبەست و بەئامانجێک کەخۆی پێیقایلبووە، بەکارهێناوە. جگەلەوەش، ئەو بەووردی تاوتوێی پێناسەکردنەوەی فەلسەفە لەڕێگەی ئامانج و ئەرکەکانییەوە کردووە. لەلایەک هەوڵەکانی لەو بوارەدا، مایەی بەدواچونە. لەلایەکیترەوە، ئەو پەیوەندییەی کە فەلسەفە بەشەریعەت و قانونەوە هەیەتی، لەروانگەو جیهانبینی ئەودا پێویستە زیاتر شرۆڤەبکرێت. وەک دەردەکەوێت، زەڵمی پێناسەباوەکانی فەلسەفە ڕەتدەکاتەوە. چونکە، لەدەرخستنی واتای راستی فەلسەفەدا بەکەمکورتیان دەزانێت. لەو گۆشەنیگایەوە هەوڵی پێناسەکردنەوەی فەلسەفە دەداتەوە، بەڵام بەو جۆرەی خۆی مەبەستیەتی و بڕوای پێیە.

**کلییلە وشەکان: فەلسەفە، پێناسە، ئامراز، شەریعە**

١ پرۆفیسۆر ‹د. مستەفا زەڵمی› یەکێکە لە شەریعەتناس و قانونیەکانی کوردستان خاوەنیس سێ بروانامەی ماستەر لەقانون و فیقهو لەشەریعەدا. هەروەها، دکتۆرای لە فیقهدا هەیە. خاوەنی پەنجا بەرهەمە لەبابەتەکانی قانون، شەریعەو هتد... خاونی فتواو ئیجتیهادەو لەسەر ئاستی هەرێ و ئیراق و جیهانی ئیسلامی ناسراوە.

Recieved: 2/8/2021
Accepted: 16/9/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

بابەتێکی نوێ نییە. پێش ‹زەڵمی› لەسەدەکانی ناوڕاست و سەردەمی باڵابوونی گروپە کەلامیەکان و وەرگێڕانی دەقەفەلسەفیەکان، مشتومڕی زۆری خستۆتەوە کەبەدیوێکدا دەوڵەمەندکردنی شارستانیەتی و فەرهەنگی لێکەوتۆتەوە. هەروەها، فەلسەفەو بابەتەکانی، زەمینەی کێشمەکێشمی فەلسەفی بوون. هاوکات ناکۆکی و ململانێی شەرعی و تەنانەت سیاسیشی بەدوای خۆیداهێناوە.

سەرباری ئەوەی سەروەختێک فەلسەفە لە‹جیهانی ئیسلامی›یدا برەوی سەند، چەندان کەڵە فەیلەسوفی وەک ‹ئیبن سینا، فارابی و ئیب روشد›و غەزالی هتد... تێدا هەڵکەوتەوە. وەلێ، دواجار هەلومەرجی سیاسی و ململانێی و بەرژەوەندی دەسەڵات وایکرد، فەلسەفەو بابەتەکانی بەرەوپووکانەوە بچن. لەبەرامبەردا گوتاری سەلەفی ئایینی دۆگمایی و دەقپەرستی جێگەی ماناو رۆحی ئایینی گرتەوە. جگە لە دژایەتیکردنی و رەتدانەوە، پرۆسەکە تا دەرکردنی فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە رۆی. ئەمەش، بەجۆرێک وایکرد دەرگاری بیرکردنەوەو بەرە بڕوات و هەندیک بە «داخرانی ئەقڵی موسلمان»ان ناوی ببات.

بەڵام، پەیوەندی ناسازی نێوان فەلسەفەو «ئایین»، هەردرێژەی هەبوو، تاسەردەمی نوێ. ئێستەشی لەگەڵدابێت، باوەڕی دۆگماتیکی سەلەفیانە کە گۆڕانکارییەکانی سەردەم لەبەرچاوناگرێت، باڵادەستی خۆی بەسەر قوتابخانەو رێبازەکانیترو تەنانەت گوتاری ئاینیشدا کێشاوە. دواجار، هەوڵەکەی لەوەدا چڕکردەوە کە ژیری و ئەقڵی کردە کۆیلەی دەقی پیرۆز٢. ئیتر، فەلسەفە وەک چالاکیەکی باڵای بیروژیری مرۆڤ، نەک هەر کەناگیرو فەرامۆشکرا، بۆ سەدان ساڵ نابوتکرا. ئەوانەشی لێرەو لەوێ پێوەی خەریک بوون، خرانە خانەی بێباوەڕی، گومڕایی و چەندان ناووناتۆرەی نابەجێیەوە.

سەبارەت بەکوردستانیش چیرۆکی قەدەغەکردن و دژایەتیکردنی فەلسەفە تاڕادەیەک بەجۆرێکیتربووە. ئەگەرچی ڕابەرانی سەلەفیەت دیدی دژهفەلسەفییان نەشاردۆتەوەو بەئاشکرا دژی وەستاونەتەوە٣. دیارە، بەشێکی دیاری زانا ئایینیەکانی کورد لەمێژوودا بەبیرێکی کراوەوە لە حوجرەکاندا زانستە ئەقڵیەکانیان(لۆجیک و کەلام و هتد...) خوێندووەو تاوتێکردووەو لەبارەیەوە نووسیوە. لەکاتێکدا ئەم کراوەیی زانائایینیە هەڵکەوتووەکان بە ئەرێنی نەشکاوەتەوە بەسەریاندا، وەک ‹شێخ محەمەدی خاڵ› لەزاری ڕاڤەکاری ناسراو(ئالوسی) هەڵوێست ‹شێخ محمد علی السویدی›(رابەری سەلەفەیاکنی بەغدا) دەگێڕێتەوە کە چۆن پێگەی کەسێکی هەڵکەوتەی وەک ‹مەولاناخالیدی نەقشبەندی› لەسەرووبەندی ئاوارەبوونیدا لە بەغدا دەخاتەژێر پرسیارەوە. لە مەجلیسی پێشوازی لە ‹مەولاناخالید›ا بۆنەکە دەکاتە رێخۆشکردنێک بۆ لێدانی حوجرەکانی کوردستان بەوەی کە تەنها لانکەی کەلام و لۆجیک و فەلسەفەن. بەمەش ویستیوییەتی بڵێ، لەکوردستاندا ئەوەی دەخوێنرێت شەرع و حەدیس و عەقیدەی ئەهلی سونەت نییە (خاڵ ٢٠٠٦).

دیارە، مەولاناخالید ڕابەرێکی سۆفی و ئایینییە کە هەر لەکۆچکردنیەوە بەرەو بەغدا، بەرەورووی هەژموونی

---

٢ میرنیشینی سعودیە کە لانکەی وەهابیەت/سەلەفیتە، لەهەنگاوێکی بێوێنەو بوێرانەدا بەم دواییانە وەزیری پەروەردە بڕیاری خوێندنی فەلسەفە(بیرکردنەوەی رەخنەگرانە) لەقۆناخی ناوەندیدا، دەرکرد. بڕوانە وتاری نوسەر:
http://diplomaticmagazine.net/politics/1607?fbclid=IwAR0uF4SvtnK7Y21c-QvlZQADFuZ1trnOyHQneRcmTAqB9l9qL_bRMWGUB68

٣ یەکێکە لەناوە ناسراوەکانی سەلەفیزمی مەدخەڵی هەرێمی کوردستان وتاربێژێکی ناسراوە کە لەوتارێکیدا فەلسەفە بەخواردنەوەی ئاوی زێراب ناودەبات. سەیری ئەم لینکە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=o_3iISi-Urao&t=6s

سەلەفیەکان بووتەوە. لەوێوە، رکابەری سەلەفی/سۆفی وەک دووڕهوتی دژیەک راستەوخۆ خەستبووەتەوە (أبومنە ٢٠٠٩، ٥-١٥). هەروەها، بەهۆی ئەوەشی مامۆستاو مەلایانی ئایینی کوردستان مەرجەعیەتیەکی ئایینی وەک دەزگایەکی کە ئەرکی تویژینەوەو هەڵسەنگاندن و راڤەکردنی دەقەکانی بێت، نەبووە، بەگشتی کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی زاناکانی دەرەوەی کوردستان و تەقلیدکردنیان. ئەمەش بەجۆرێک خۆی لەدژایەتیکردن و نکولیکردن لەفەلسەفەدا چڕبۆتەوە.

بەڵام، ئەوە تەنها لەسەر ئاستی کوردستان نەبووە. بەڵکو پرۆسەی «داخرانی بیروژیر»٤ لە جیهانی ئیسلامیدا دیاردەیەکی سەرتاپاگیربووە. لۆجیک و فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامیدا، چەندە پرۆسەیەکی مێژووکردە، ئەوەندەش دەرهاویشتەی سیاسی و کولتورییە. وەکچۆن لەسەرهەڵدانیدا هەلومەرجی کولتوری و پێداویستی سیاسی و ئایینیش هەبووە، بەهەمان شێوەش فاکتەری قەدەغەکردن و پووکانەوە بوون. لە هەندێک جومگەو قۆناخی مێژووییدا فەلسەفە بەپاساوی ئایینی قەدەخەدەکرا، بەڵام پاڵنەری سیاسی لەوەدا ناکاریگەر نەبووە.

بۆیە، بەگشتی دوو ئاراستەی سەرەکی سەبارەت بە پرسی فەلسەفەو خوێندنی لەپاڵ یەکدا هەبوون: ئاراستەی قەدەغەکردن و ئاراستەی سەرقاڵبوون پێوەی. بەشێوەی جیاوازو تاک تاک لێرەو لەوێ هەر فەلسەفەو فەیلەسوف هەبووە. ئەوانەی بانگەشەی کرانەوەی بیرو راڤەی سەردەمیانەو فەلسەفییان دەکرد، لەچاو ئەوانەی پابەندبوون بەدەقەکان و راڤەباوەکانەوە کەمتربوون. چونکە، کاریگەری و پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەو کەمینەیەی داوای کرانەوەیان دەکرد نەبووە(جگەلە سەردەمی موعتەزیلە).

لەبەرئەوەی، زۆرینەی کورد لەڕووی مەزهەبییەوە شافیعییە، هەڵوێستی شافیعی مەزهەبەکان بەرامبەر فەلسەفە نەرێنییە٥. ئاشکرایە زانایەکی ناسراوی وەک ‹ئیبن سەلاحی شارەزووری› (٦٤٣) لەژێر هەژموونی گوتاری ئایینی داخراودا دژایەتی خۆی بۆ فەلسەفەی راگەیاندووەو فەتوای قەدەغەکردنی داوە. چونکە، پێیوابووە»فەلسەفە سەری نەفامی و بەرەڵاییە. مادەی سەرگەردانی و گومڕایی و بێدینییە... (الصلاح ٢٠٠٧, ٩٦). سەبارەت بە لۆجیکیش کە دەروازەی فەلسەفەیە. دەروازەی خراپەش، خراپە (صلاح ١٩٨٦, ٢٠٨-٩).

بەڵام، لەژێر ئەو پەردە وێنەگەورەی قەدەغەکردن و سانسۆرکردنی فەلسەفەدا، کۆمەڵێک زاناو هەڵکەوتە خەریکی ووتنەوەو خوێندنی لۆجیک، کەلام و هەندێک بابەتی فەلسەفی سەردەمی خۆیان بوون. چەندیین سەرچاوەی وەک ‹کشف الظنون› باس لەوەدەکەن ئەگەر مەلاوفەقێی کورد نەبان، فەلسەفە لەخۆرهەڵاتی ناویندا ئاسەواری نەدەما (مستەفا ٢٠٠٦، ١٣). دیارە، زەڵمیش وەک کەسێکی خوێندەوارو گۆشبوو بەپەروەردەی ئایینی، هەوڵیداوە بەجۆرێک داکۆکی لەفەلسەفە بکات و لەناو بەرهەکانیدا بەئاماژەدان و ناوبردنی، داکۆکی لێبکات.

٤ مەبەست لە هەوڵەکانی قەدەغەکردن و سنووردانە بۆ فەلسەفەو کەلام و زانست ئەم دەستەواژەی «داخرانە» لەلایەن توێژەر ‹ڕۆبەرت ڕایلی› بەکارهاتووە لەکتێبی ‹داخرانی ئەقڵی› وەرگێڕانی بۆ کوردی ‹فاروق ڕەفیق› غەزەلنوس ٢٠١٥.

٥ هەندێک لەسەرچاوەکان ووتەیەک لە ‹شافعی› (٢٠٤.ک)ی دەگێڕنەوە: «خەڵکی نەزان نەبوون و جیاوازیان نەبوو تائەوکاتەی زمانی عەرەبیان فەرامۆشکردو چوون بەلای زمانی ئەرستۆ»دا(ما جهل الناس ولا اختلفوا إلا لتركهم لسان العرب وميلهم إلى لسان أرسطو»): لە الذهبي: سير أعلام النبلاء. ط. الحديث (ج٨/ص٢٦٨). بەڕای زەهەبی، شافعی شتی وەهای نەووتوە، چونکە، سەروەختی ئەو دەقی یۆنانی هێشتا وەرنەگێڕدرابوون. لەکاتێکدا، هەمان ووتە لای ‹سیوتی› ئاماژەی پێکراوەتەوە (السيوطي: ‹صون المنطق والكلام عن فني المنطق والكلام› (٤٧-٤٨)).

بۆیە، لێرەدا هەوڵوكۆششی زەڵمی سەبارەت بەناوبردن، پێناسەكردن و بەكارهێنانی وشەو واتای فەلسەفە بەمیتۆدیكی شرۆڤەیی ڕەخنەیی و هێرمەنۆتیكی تاوتوێدەكەین. لەڕووی میتۆدیشەوە، توێژینەوەكە لەچەند تەوەرێک پێكدێت و هەریەكەشیان وەڵامدەرەوەی چەند پرسیارێكن:

تەوەری یەكەم: چۆن و بەچ ئامانج و مانایەک زاراوەی فەلسەفە لەبەرهەمەكانییدا بەكارهێنراوە؟

تەوەری دووەم: گرفت و هاوكات گرنگی ئەو جۆرە بەكارهێنانە. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بدرێتەوە: ئایا دەكرێت، پێناسەیەكی نافەلسەفی بۆ فەلسەفە بكرێت؟

تەوەری سێهەم: لۆجیكی شەریعەو قانون. لەوێدا ئەركی لۆجیكی ئایین-شەریعە-و قانون لەدیدگایەكی فەلسەفییەوە كە زەڵمی خۆی پەسەندی دەكات، چییە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەكە.

## تەوەری یەكەم: ئامانج و مانای فەلسەفە

لەبەرئەوە توێژینەوەكە، تاوتوێی شێوازی پێناسەكردن و تێگەیشتنی زەڵمی دەكات، تەوەری یەكەم فراوانترە لەبەشەكانیترو لەچەند بەشێک پێكدێت. هەر بەشە بەپێی ئەو پرسیارە سەرەكیانەی ناوەڕۆكی توێژینەوەكە دەگرێتەوە، ریزبەندكراوە. یەكەمجار باسی تێگەیشتن لەفەلسەفەو رەتكردنەوەی پێناسەكانیتر دەكەین. دواتر دێینەسەر باسی دیدی ئامرازگەرییەكەی. پاشان، پێناسەكەی لەروانگەیەكی فێرگەییەوە باسدەكەین.

تێگەیشتنی لەفەلسەفە:

مایە سەرنجە لە(٣) بەرهەمی سەرەكیدا ‹زەڵمی› وشەی ‹فەلسەفە› وەک پێشگرێک لە(٣٦)جێگەدا بەكارهێناوە. بۆنموونە، ئەگەر سەرنجی ئەو خشتەیەی خوارەوە بدەین، باشتر دەردەكەوێت لەچەندین جێگەدا وشەی فەلسەفەی وەک پێشگرێک بەكارهێناوە(وەک لەپاشكۆكەدا ئاماژەی پێكراوە).

بەڵام، تەنها بەناوبردنەوە نەوەستاوە. بەڵكو، هەوڵیشیداوە سەرەتا لەڕووی زمانەوانییەوە واتاكەی لێكبداتەوە. ئەمەش، پاش دەستنیشانكردنی ئامانج لە فەلسەفە كردووە. هەر هەمان شت لەكتێبی ‹فلسفە الشریعە› هەیە كە زیاتر روونكردنەوەی مانای زمانەوانی وشەی فەلسەفەیە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٣).

بەو مانایەش، ‹فەلسەفە› لای ئەو وەک سیفەتێک بەكاردێت. بۆنموونە كەدەڵێت؛ ‹فەلسەفەی قانون›، واتە ئەو ئامانجەی قانون ئاڕاستەدەكات. بۆ روونكردنەوەی مانای فەلسەفەش دەگەڕێتەوە بۆ رەگوریشەی زمانی وشە ‹فیلۆسۆفیا› و چۆنیەتی بەكارهێنانی.

ئەو زیاتر لەرواڵەتی وشەكەی كۆڵیوەتەوە، نەک رۆچوون بەفەلسەفەدا وەک بوارێكی باڵای بیركردنەوە. بۆیە، لەچەمک و پێناسەی فەلسەفەدا، پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو ئامانجەكەی دەكاتە پێوەر. ئیدی، فەلسەفە هاوواتای ئامانجەكەیەتی. وەكچۆن ‹فەلسەفەی قانون›، واتە ئامانجی قانون و بەرژەوەندیەكان و كەڵكی چییە دەگرێتەوە.

## رەتكردنەوەی پێناسەكانیتر

سەرەڕای ئەوەی ئەو ئامانج و مەبەستی كردۆتە پێناسەی فەلسەفە، پێناسە باوەكانی فەلسەفەشی رەتكردۆتەوە. چونكە، خۆی پێناسە باوەكان لەمێژووی فەلسەفەدا دەهێنێتەوەو لێكدانەوەی بۆ دەكات. دواجاریش، بەو

ڕەخنـەو ڕەتکردنـەوەی ئـەو پێناسـانە، فەلسـەفە جگەلـە سـیفەت و ئامرازێـک بـۆ هـەر بابەتێکیـتر هیچـتر ناگرێتـەوە٦. واتـە، فەلسـەفە وەک بوارێکـی زانینەکـی و هـزری سـەربەخۆ لـەدەرەوەی هـەر ئامانـج و مەبەسـتێک یـان ئـەرک و ڕۆڵێـک، سـنووردار دەبێـت.

بێگومـان، ئـەو چەنـد واتـاو پێناسـەیەکی نـاسراوی فەلسـەفە کـە لەمێـژوودا بـاوە، باسـدەکات؛ هـەر لەتوێژینـەوە لە›بـوون›ەوە، تـا ڕاسـتی شـتەکان و سروشـت و گـەردوون. بـەڵام، لـەڕووی بەکارهێنانـەوە وەک زاراوە، چەنـد پێناسـەیەکی بـاو لـە سـۆکرات، ئەفلاتـون و فارابـی و ئیـبن سـیناو ئیـبن روشـد هتـد... لەچەنـد سـەرچاوەیەکی لاوەکیەوە دەگوێزێتـەوە (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٣). بۆنموونـە، ئامـاژە بـە پێناسـەکەی سـۆکرات دەدات کـە ‹فەلسـەفە واتـە، توێژینـەوەو گەڕانـی ژیرەکـی لەبـارەی راسـتی ئـەو شـتانەی دەبنـە مایـەی چاکـە یـا پشـکنینی بوونـەوەرە سروشـتیەکان، جوانـی و ڕێکیـان یـا دۆزینـەوەی بنەمـاکان و هـۆکاری یەکـەم›. بـەڵام گرفتـی لەگـەڵ ئـەم پێناسـەیەدا هەیـە. چونکـە، واتـای راسـتینەی ‹فەلسـەفە› توێژینـەوە نییـە لەخۆیـدا، بەڵکـو ئەنجامـی پشـکنین و توێژینەوەیـە لـە نهێنییەکانـی گـەردوون و دەستنیشـانکردن و زانینـی ‹هـۆکاری یەکـەم›ە (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٤).

پێناسـەکەی ئەفلاتـون، کـە فەلسـەفە بـە ‹گـەڕان بـەدوای راسـتی هەبـووەکان و سیسـتەمە جـوان و هەروەهـا ناسـینی هـۆکاری یەکەمـە›، بـەڕای زەڵمـی ئـەو پێناسـەیە هـەروەک هـی مامۆسـتاکەیەتی. گرفتەکەشـی لەوەدایـە، ناسـینی ‹هـۆکاری بەدیهێنـەری یەکـەم› ناوەڕۆکـی فەلسـەفەیە، نـەک دەسـتەواژەی هەوڵـدان و گـەڕان بـەدوای ئـەو هـۆکارە یەکەمـدا. چونکـە، هـۆکاری یەکـەم بەڵگەنەویسـت و خۆڕسـکە، پێویسـتی بەگـەڕان و سـۆراخکردن نییـە. بـەڵام، سـەبارەت بەپێناسـەکەی ئەرسـتۆ: فەلسـەفە زانسـتێکی تیۆرییـە سـەبارەت بەبنەمـاو هـۆکاری یەکـەم›، گرفتێکـی هەیـە؛ فەلسـەفە، زانسـت نییـە بەڵکـو ئامانجەکەیەتـی (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٤).

دواتـر دێتەسـەر پێناسـەی فارابـی کـە ‹فەلسـەفە زانسـتی هەبووەکانـە وەکئـەوەی کەهـەن. ئـەو زانسـتەکۆگرو گشـتییە کـە دیدێکـی گشـتگیر سـەبارەت بەگـەردون بەمـرۆڤ دەدات (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٤). لای ئـەو گرفتـی ئـەم پێناسـەیەش ئەوەیـە، زانسـتی هەبـووەکان تێکـەڵ بەئامانجەکانـی کـراوە. جگەلـەوەی، ئـەم پێناسـە تەنهـا فەلسـەفەی سروشـتی دەگرێتـەوە (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٥).

دواجـار، پێناسـەکەی ‹ئیـبن سـینا› کە فەلسـەفە ‹وەسـتان و هەڵوەسـتکردنە لەسـەر راسـتی هەمـوو شـتەکان بەئەندازەی ئـەوەی کەمـرۆڤ بتوانێـت›، بەنزیکتریـن پێناسـە لەراسـتی فەلسـەفەوە دەزانێـت (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٥). چونکـە، مەبەسـتی لەهەمـوو کۆششـێکی فیکـری مرۆڤـەو ئەنجامەکەشـی بەنـدە بەئامانجەکەیـەوە. دواجـار، زەڵمـی پێناسـەی ‹ئیـبن سـینا› پێباشـترینە. بۆیـە، دەڵێـت تەنانـەت لەپێناسـە نوێکانیشـدا شـتی وەهـام نەدیـوە (زلمـی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٥). لێـرەوە، زەڵمـی بەگشـتی کێشـەی لەگـەڵ ئـەو پێناسـانەدایە، چونکـە بەبۆچوونـی ئـەو: لۆجیـک و فەلسـەفە تێکەڵکـراون. لەبەرئـەوەی توێژینـەوە لـە بابەتـە تەسـەوری و تەسـدیقییەکان، بەشـێکن لـە

٦ هەوڵەی ئەو ئەنجامی پێداویستیەکی مێژووی بێت کە وابکات فەلسەفە وەک ئامرازی شیکردنەوەی دەق بێت. وەک لە سەدەی بیستەمدا کە ‹فەلسەفەی شیکاری/زمان› بەوەرچەرخان و دابڕان دانراوە لەمێژووی فەلسەفەدا، ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفە گۆڕا بە چالاکیەکی زمانەکی کە ئەویش شیکردنەوە. واتە، ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفە بووە، شیکردنەوەی بابەتەکان و خۆچڕکردنەوە لەزماندا و ئاخاوتن لە بابەتە واتادارەکان کە تەنها لەسنوورو مەودای زمانی بەکارهێناندان. بەمەش، بابەتەکانی ئایین/میتافیزیک بە بێ-واتا دانراو فەلسەفەش بووە لێکدانەوەی لۆجیکی زمان و دەربڕین. ئیتر دابڕانی بیر/ژیرو زمان وەک لەفەلسەفەی پێشیندا هەبوو کۆتایی پێهات و فەلسەفەو زمان دوو دیوی یەکدراون. چونکە، بێ زمان فەلسەف نابێت. بەڵام، جیاوازییەکە لەوەدایە فەلسەفە نەبۆتە ئامرازی شیکاری زمانەوانی، بەڵکو فەلسەفەو زمان یەکن لەبنەڕەتدا لای ڤیتگنشتاین.

لۆجیـک نـەک فەلسـەفە.

هەروەهـا تێکەڵکردنـی ئامـرازو ئامانجـە بەیـەک. سـەیرکردن و توێژینـەوە لەهەبـووەکان ئامانجـەو فەلسـەفە نییـە. چونکـە، فەلسـەفە، واتـە توێژنیەوەیـە لـە دروسـتکەر!

ئـەم پێناسـانە (جامـع) کۆگـر نییـن. چونکـە تەنها، فەلسـەفەی لاهـوت و ئیلاهیـات دەگرێتـەوە (زلمـی، فلسـفة الشريعة ٢٠١٤، ١٥).

## دیدێکی ئامرازگەری بۆ فەلسەفە

ئاشـکرایە کـە ‹زەڵمـی› پێناسـەکانیتر بـۆ فەلسـەفە رەتدەکاتـەوە، دەشـڵێت نابێـت فەلسـەفە تێکـەڵ بەلۆجیـک بکرێـت. لەکاتێکـدا، بـۆ هەردووکیـان پێناسـەیەکی ئامرازەکی٧-آلـی- دانـاوە. ئیـتر، فەلسـەفە دەبێتـە ئامـرازو پاشـکۆی بوارەکانیـتر. بۆیـە، زۆرجـار وشـەی فەلسـەفە دەخاتـە پێـش بۆنموونـە، فەلسـەفەی ‹الفسـخ›. لەکاتێکـدا ئامانـج و مەبەسـتی ئـەو لـەوە، پەیـام و ئامانجـی ‹فسـخی› مەبەسـتە (زلمـی، فلسـفة الشريعـة ٢٠١٤، ١١٤). ئـەم، بەکارهێنانـە، ئەگەرچـی وەک پشـێگرێک بێـت و لای زەڵمـی واتـا پەیامـی ئـەو بابەتـەی کـە پێـوەی لـکاوە دەربخـات. وادەکات، بەکارهێنانـی فەلسـەفە وەک بوارێـک و هـەم وەک بەکارهێنانـی زمانەوانیـش، زیاتـر ئامـرازو ئامێرێـک کـە پاشـکۆی دەقـە قانونـی و شـەرعییەکان بێـت.

بۆنموونـە وەک پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا، لـە کتێبـی ‹فلسـفة الشريعـة›دا لەچەندیـن جێـدا، فەلسـەفە وەک ئامـرازو سـیفەتێک بـۆ بابەتێکیـتر لـەدەرەوەی کایـەی فەلسـەفە بەکاریدەهێنێـت. چونکـە، وشـەی فەلسـەفەی خسـتۆتەپێش ‹زەواج› و ‹تـەلاق› و ‹عـدة› و هتـد... ئەمـەش سـەربەخۆیی بیـرو توێژینـەوە فەلسـەفی دەکاتـە شـتێکی لاوەکـی و کـەم کاریگـەر. بـەڵام، بۆئـەوەی پاسـاوی راکـەی بداتـەوە، کەموکورتـی پێناسـەکانیتر لـەوەدا چڕدەکاتـەوە کـە ئامانجیـان لەفەلسـەفە نییـە جگەلەخـۆی. بـەڕای ئـەو، ئامانـج لەفەلسـەفە چییـە، جگەلـە ناسـینی هۆکاری-دروسـتکەری یەکـەم؟ لەباسـی پێناسـەی ‹ئیتلـزام› لەزانسـتی فەلسەفەدا(فەلسـەفە زانسـتە بەدەربرینـی حەرفـی خـۆی) پێیوایـە ‹ئیتلـزام› لەجـۆری (پۆلـی) هەڵجوونەکانـە. واتـە، کاریگەربـوون بەکارێکـی کاریگـەر. هەروەهـا، بـەو مانایـەش نزیکـە لـە گوێڕایەڵـی (الزلمي ٢٠١٤، ١٨). ئیـدی، بایەخـی فەلسـەفە تەنهـا ئەوەیـە؛ خزمەتـکارو بەردەسـتی شـەریعە/ لاهـوت بێـت. هـاوکات، مێشـکمان لەتێگەیشـتنی هەڵـە بپارێزێـت، بەتایبـەت لەچییەتـی و ناوەڕۆکـی شـەرع. پاشـان، بەدیهێنانـی خواسـتی پیـرۆزو رەزامەنـدی خـوداو گەیشـتن بەژیانـی ئەودونیـا!

## پێناسەیەکی فێرگەیی بۆ فەلسەفە

ئاشـکرایە، زەڵمـی بەشـێوازێکی ‹فێرگەیـی›٨ یانـە راڤـەی فەلسـەفە دەکات وەکچـۆن بـۆ زانسـتەکانیتریش بەهەمـان شـێواز. لەبەرئـەوەی ئـەو شـێوازە لەسـەدەی ناوەڕاسـتدا، لەنـاو توێژینـەوەی زانسـتیدا باوبـوو. بۆیـە، میتـۆدی تێگەیشـتن لەبابەتێـک وابـوو کـە وەک پێدراوێکـی زمانەوانیـی لێبڕوانرێـت و پێناسـەکەی دەستنیشـانکرێت. بەگەڕانـەوە بـۆ رەگوریشـەی زمانـی و جـۆری بەکارهێنانیـەوە، پێناسـەی زانسـت و چەمکەکانـی کـراوە. لەکاتێکـدا، فەلسـەفە

٧ instrumentalist

٨ schoolastic

لەخۆیدا تەنها زاراوەیەک نییە کە ئاماژە بۆ بوارێک وەک ئامراز بەکاربێت، بەڵکو چەمکسازییە (ئەگەر بەزمانی فەیلەسوفی فەرەنسی ‹دلۆز، بدوێین) لەبیرکردنەوەو دارشتنی پرسیارو بابەت و پرسیتر لە ڕوانگەو ئامانجی بیر فەلسەفە خۆیەوە نەک شتێکیتر لەدەرەوەڕا.

لەمیانەی باسکردنی جۆرەکانی ‹پێناسەکردن›دا، ‹پێناسەکردنی لۆجیکی› وەک جۆرێکی گرنگ دەهێنێتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٧). لەپێناسەکردنی وشەی -›تقسیم› -دابەشکردن وەک کاتێگۆرییەک، بۆ ‹ئەرستۆ› دەگەڕێتەوە. چونکە، ئەو یەکەم کەسبووە ‹تقسیم› بەمانای پێناسەکردن بەکارهێناوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ٢٣٣). یەکێک لەپێناسەکانی ‹تقسیم› ئەوەیە: میتۆدێکە لەپێناسەکردنی شتەجیاکان لەرووی چییەتی (خودی) یا خەسڵەت-تایبەتمەندی و نیشانەکان و تایبەتمەیەکانیدا بەکاردێت (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ٢٣٣). بەم مانایە، تقسیم یەکەمجار لای ‹ئەرستۆ› دەرکەوتووە. ئەگەرچی ئەو پێناسەی ‹ئەرستۆ› بۆ فەلسەفە رەتدەکاتەوە، وەک پێشتر باسمانکرد.

هەروەها، لەژێرباسی ‹فلسفة القانون تشريعا›، سەرەتا پێناسەی وشەی فەلسەفە دەکات (زلمی، معين القضاة لتحقيق العدل و المساواة؛ الصلة بين المنطق و القانون ٢٠١٤، ١٢٩). بەڵام، بەوجۆرەی کەباوەو وتراوە: وشەیەکی یۆنانی و بنەڕەتەکەی لە فیلا-سۆفیاوە، واتە ‹خۆشەویستی دانایی› هاتووە. هەروەها، لەشوێنیتردا بە›زانستی راستی شتەکان و کارکردن بەوەی باشترینە› دادەنێت. ئەم پێناسەیەشی لە ‹المعجم الفلسفي› د. جميل صليبا وەرگرتوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٢٩). ئیدی، لێرەدا ئەو لەرواڵەتی وشەکەی کۆڵیوەتەوە، نەک وەک بوارێکی باڵای بیرکردنەوە. بۆیە، لەمەوە ‹زەڵمی› بەدووجۆر لەماناو ئەرکی فەلسەفە تێدەگات:

## یەکەم: ئامانج وەک دەستنیشانکەری مانا

دیارە، دەستنیشانکردنی مانا لەڕێگەی ئامانجەوە، شێوازێکە لە ‹ئەرستۆ›وە بەناوبانگە. بەڵام، سەرەڕای ئەوەی میتۆدی ‹ئەرستۆ› بەکاردێنێت. هاوکات پێناسەکردنی ئەرستۆش بۆ فەلسەفە رەتدەکاتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٢٩). ئەگەرچی ‹ئەرستۆ› لەنێو بزوتنەوەی وەرگێران لەجیهانی ئیسلامیدا، پشکی شێری هەبووە بەتایبەت لۆجیک- وەک ئامرازێک بۆ قیاس و هتد.. بەکارهاتووە. بەڵام ‹ئەرستۆ› خۆی بەجۆرێک پۆلێنی فەلسەفەی وەک بەرزترین و شکۆمەندانەترین زانین کە ئامانجی فەلسەفە لەخۆیدایە هەژمارکردووە، نەک ئەوەی لەپێناوی بابەتێکیتردا بیرکاتەوە.

لەکتێبی ‹میتافیزیک›دا ئەرستۆ دەڵێت؛ ئەم زانستە-فەلسەفە- لەنێو هەموو زانستەکاندا تاکە زانستە کە بەئازادی دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی، تەنها بوارێکە کە ئامانجەکەی لەخۆیدایە نەک شتێکیتر لەدەرەوەی بابەتەکانی (ئەرستۆتالیس ٢٠١٢، ٢٠). دواتر، فەلسەفەی بۆ لایەنی تیۆری و پراکتیکی پۆلێنکردووە. بەمەش لەگشتاندن دەریهێناوەو تایبەتمەندی لەهەر بوارێکدا دیاریکردووە.

بەڵام، هەوڵەکەی ‹زەڵمی› بەو مەبەستەیە مانای وشەی فەلسەفە، واتە ئامانج، پاڵنەر وەک لەزمانی قانونەمەدەنییەکاندا باوە. بۆنموونە ‹فەلسەفەی جەریمە›، واتە بەجێگەیاندن و بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەوکارە تاوانکارە. جگەلەوە، لەبەکارهێنانی گشتیدا فەلسەفە واتە، هیوا یا هیواکان. بەو پێیەی مرۆڤ، لەسەر هیواوئومێد دەژی. ئەو ئامانجانەش کە دەیەوێت لەداهاتوو بەدەستی بهێنێت (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤،

١٧).

## دووەم: فەلسەفە وەک دانایی

مایەی سەرنجە ‹زەڵمی› ئاماژە بەوەدەدات، دەستەواژەی ‹فەلسەفە› لەجیهانی عەرەبیدا نەناسراوبووە. بەهاتنی بزونتەوەی وەرگێڕان لەسەردەمی عەباسیەکاندا، فەلسەفەو لۆجیک لەزمانی عەرەبیدا دەرکەوتن. هیچ لەو چەمک و دەربڕینانە(فەلسەفە، لۆجیک) بەڕاشکاوانە لە ‹قورئان›دا نەهاتووە، جگەلە لەوشەی ‹الحكمة (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦). بەڵام، سەرەڕای ئەوەش دەیەوێت لەنێوان ئەو مانایەو دەقی قورئاندا پردێک دروستبکات. بەوپێیەی «حكمە» لەقورئانیشدا هاتووە، ئیتر لەگەڵ ناوەڕۆکی فەلسەفەدا یەکدەگرێتەوە. دانایی ‹حكمە›، واتە زانینێک کەدەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری بەسوودو بەکەڵک (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٣). لەم سۆنگەوە، جەختکردنەوە لەوشەی ‹حكمە› لەدەقی ‹اوتی الحكمە لمن یشاء›، بەڕای ئەو لەجیاتی وشەی فەلسەفەیە. وەکچۆن وشەی ‹السبب› لەجیاتی ‹علە›یە لە فەلسەفەدا (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦). ئیدی، وشەی دانایی بەزۆری هەمان مانای فەلسەفە دەدات. چونکە، فەلسەفە واتە ئەو بەرژەوەندییە ئامانجکراوەی لەپابەندی و جێبەجێکردنی فەرمانە شەرعیەکانەوەیە. بۆیە، کاتێک لە‹قورئان›دا هاتووە «وما أرسلناك الا رحمة للعالمين». ئەم رستەیە لەرووی زمانییەوە، وشەی نەفی (ما) و (الا) تێدایە کە ئەوەش مانای نەفیە. کەواتە، نەفی نەفی، رەوانێژی و هاوکات (حصر) تەنهاو تایبەتی دەگرێتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦).

بۆیە، خوداش پەیام و ئەرکی قورئان و یاسای شەریعەی لەخزمەتی مرۆڤایەتییدا چڕکردۆتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦). ئیدی، لەم ئایەتەوە، ئەو دوو راستی یا رێسای فیقهی هەڵدەهێنجێت:

هەرچییەک و سوودی تاک و کۆمەڵگە یا هەردووکیانی تێدایە، لەتەرازوی قورئاندا درووستە. بەمەرجێک لەسەر حسابی زیانگەیاندنی ئەویترێک نەبێت.

هەرچیەک زیانی تاک یاکۆمەڵگە یا هەردووکیانی هەبێت، بەپێی شەرع حەرامە. بەمەرجێک زیانەکە چاکەو ‹بەرژەوەندی گشتی› لێنەکەویتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦).

گرنگی بۆچوونەکەی لێرەدا ئەوەیە، دانایی و بەرژەوەندی (المصلحة) دەکاتە چاکەو پێوەرێکی باڵا لەدەقەکاندا. مادام، تێگەیشتن و بەهەندوەرگرتنی بەرژەوەندی و چاکە، بەندە بە بەدەستهێنانی داناییەوە. بۆیە، راشکاوانە خۆی دەڵێت، ئامانج لەم نووسینە، فەلسەفە بەمانا شەرعیەکەی بەمانا شەرعیەکەش واتە، ئەو بەرژەوەندییە پێویستەی کە بە‹المقاصد› دەناسرێت (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٦)[9]. هەروەها، لە ‹فلسفة تجريم الردة (الارتداد عن دين الاسلام)دا کە باس لەهۆکاری کوشتنی هەڵگەڕاوەکان ‹من بدل دينه، فاقتلوه› دەکات. پێیوایە، ئەم فەرمانە تەنها لەبارەی هەندێک ‹مشرك› بووە کە نهێنی مسوڵمانانیان لابووە، وویستویانە لای کافرەکان بیدرکێنن. بۆیە، کوشتنەکە(عقاب) سزای «حەدی» نییە، بەڵکو سزایەکی سیاسییە! واتە، تەنها لەبەرئەوەنییە کە لەئایینی ئیسلام وەرگەڕاون، بەڵکو خیانەتیان لەئاسایشی نیشتمانی کردووە. لەمەوە، پاراستنی سیستمی دەوڵەت وەک تاوانێکی سیاسی دەکەوێتەوە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٨٦). ئەم لێکدانەوەیە، بەرژەوەندی یا چاکەی باڵای کۆمەڵگەو دەوڵەتی کردۆتە پێوەری جێبەجێکردنی ‹حەدێکی شەرعی›. بۆتێگەیشتن لەبەرژەوەندی باڵاش، دانایی پێویستە لای راڤەکار هەبێت.

---

٩ دیارە، ئەوەش پرسیارێکە ئەگەر بەمانا شەرعیەکەی وابێت، کەواتە ناشەرعیەکەی چییە؟

## تەوەری دووەم: هۆکارو گرفتی ئەو بەکارهێنانی فەلسەفە وەک ئامراز

سەرەڕای لەتەوەری پێشتردا، باسی گرنگی تێگەیشتنی زەڵمی لەفەلسەفەو ئەو پەیوەندییە بە ئایین و قانونەوە هەیەتی، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەوە بدرێتەوە: ئایا دەکرێت، پێناسەیەکی نافەلسەفی بۆ فەلسەفە بکرێت؟ پاشان دەستنیشانی کەموکورتی هەوڵەکەی ‹زەڵمی› دەکەین.

خوێندنەوەی نافەلسەفیانەی فەلسەفە

لەروانگەی فەیلەسوفی فەرەنسی ‹دۆلۆز›ەوە، خوێندنەوەی فەلسەفە دووجۆرە: خوێندنەوەیەکی فەلسەفیی کە پسپۆرییەو ئەوانەی پسپۆڕی فەلسەفەن رەچاوی دەکەن. هەروەها، خوێندنەوەیەکی نافەلسەفیش هەیە کە بێئەوەی کەسێک پاشخانێکی فەلسەفیی هەبێت. بەڕای ‹دلۆز›، خوێندنەوەی نافەلسەفی بۆ هەموو کەس و خوێنەرێک کراوەیە. بەڵام، ناکرێت هەموو فەیلەسوفێک بۆنموونە ‹کانت› بەوجۆرە خوێندنەوەو لێکدانەوەی نافەلسەفیی بۆ بکرێت (دۆلۆز ٢٠١٨, ٢٤٥-٥٦).

لەم سۆنگەوە، ئاساییەو شیاوە ‹زەڵمی› خوێندنەوەی خۆی بۆ واتاو پەیامی فەلسەفە هەبێت، وەکچۆن بۆ قانون و شەریعەش هەیەتی. پێشتر ئاماژەمان بەلێکدانەوەی ئەو بۆ دەقەکان کرد کە چۆن لەرووی داناییەوە، دەقەکان وادەخوازن بەپێی ئامانجەباڵاو بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتیەوە راڤەبکرێن. بەڵام، پێشئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ هەوڵەکەی بکەین، جارێکیتر ئەوەش جێی پرسیارە ئاخۆ بۆچی بەو شێوازە لەفەلسەفە دەڕوانێت باسکەین.

بۆچی بەو شێوازە لە فەلسەفە دەڕوانێت؟

ئەگەر بەدیوێکیتردا، تاوتوێی هەوڵەکەی ‹زەڵمی› بکەین، کە پاڵنەرو هۆکارچییە لە بۆچوونی سەبارەت بەفەلسەفەوە، دەکرێت بڵێین:

یەکەم: لەبەرئەوەی وەک زانایەکی ئاینیی، پێیوایە ئایین و بنەماکانی سەرچاوەی ژیانن. هەموو زانست و بوارەکانیتری توێژینەوەو زانین دەبێت لەخزمەتی ئەو سەرچاوەدابن.

دووەم: باکگراوندێکی فێرگەیی-سکۆڵاستیکی-. واتە، لەبەرئەوەی لەڕووی ئەکادیمی و خوێندنەوە، پاشخانێکی فێرگەیی هەیە لەتوێژینەوەو پێناسەکردن و پۆلێنکردنی کارو ئەرکی زانست و ئامانجەکانیان، هەوڵیداوە فەلسەفەش بەو جۆرە پێناسەبکات و لەریزبەندی زانست و بوارەشەرعییەکاندا، ئەرکێکی بۆ دیاریکات.

سێیەم: ئەو لەروانگەو پێوەری چاکەی مرۆڤایەتی و بەرژوەندی مرۆڤەکانەوە تەماشای فەلسەفە یا شەریعەو قانون دەکات. واتە، سوودو کەڵکی ئەو بوارانە لەخزمەتکردن و ئاسوودەیی و چاکەدا چییە، دەکاتە پێوەری سەرەکی.

ئاشکرایە، ئەم جۆرە روانینە سەرەڕای ئەوەی لایەنی ئەرێنی هەیە  کە ئەو دیدو هەڵوێستە نەرێنیەی بەناو نەشیاوی فەلسەفەو بەپاساوی شەرعیەوە دەخاتەلاوە. بەڵام بێ گرفت نییە کە لێرەدا باسیدەکەین. هەڵبەت، ئەم رەخنەکردنە کەمکردنەوە نییە لە هەوڵوکۆششەکەی زەڵمی بە ئەندازە بەهەند وەرگرتنیەتی.

## گرفتی ئەو بۆچوونە

پێناسەکردنی فەلسەفە وەک بابەتێک، بەپلەی یەکەم گرفتێکی فەلسەفییەو دەچێتە خانەی مێتافیلۆسۆفییەوە١٠. چونکە، فەلسەفە لەوێدا خۆی ئامانجەکەی دیاردەکات. بۆیە، مەبەست لێی دەبێتە پرسیارو توێژینەوەو

١٠ Metaphilosophy

بیركردنــەوە نــەک ئامرازێــک لەپێنــاو شــتێكیتردا. وەک باســمانكرد، لای ‹زەڵمــی› پێناســەكردن كێشــەیەكی زمانــی و بەدحاڵیبوونــە لەئامانجــی فەلســەفە. بۆیــە، ئــەو پێناســەكانیتری فەلســەفە كە خــۆی ئاگاداریەتــی ڕەتدەكاتــەوە. لەكاتێدا پێناســەكردن لەچوارچێــوە فەلســەفە خۆیدایــە. چونكــە، پێناســەكردنی بوارێــک هــاوكات دەستنیشــانكردنی مــەودای توێژینــەوەو پرســیارو ئامانــج و ئامرازەكانیەتــی. بۆیــە، دەبێــت پێناســەكردنی فەلســەفە وەک پرســێكی فەلســەفی ســەربەخۆ لێبڕوانرێــت نــەک لەگۆشــەنیگاو ڕوانگــەی ئاییــن و پێوەرەكانیــەوە دەستنیشــانكرێت.

ڕەنگــە، ئاســایی بێــت لۆجیــک وەک ئامرازێــک لەتێگەیشــتن و شرۆڤــەی دەق و ئامانجەكانــی ئاییــن بەكاربێــت. بــەڵام ئەمــە تانوپــۆی فەلســەف ناگرێتــەوە. جگەلــەوەش، ئەگەرچــی ‹زەڵمــی› خــۆی جیــاكاری لەنێــوان لۆجیــک و فەلســەفەدا كــردووە. بــەڵام، دواجــار ســیحری وشــەی فەلســەفە وایلێكــردووە دەســتبەرداری ســەربەخۆیی ئــەو بوارەبێــت و فەلســەفەی وەک ســیفەت و ئامانــج بــۆ بابەتیــتر بەكارهێنــاوە. ئیــدی، فەلســەفە لەخزمەتــی لاهوتدایــە. بۆیــە، دەبێــت بپرســین، كام فەلســەفە ئەگــەر بوارێكــی ســەربەخۆ نەبێــت؟

كاتێــک فەلســەفە تەنهــا وەک ســیفەت و هاوپێچــی هەمــوو بابەتێــک تێــدەگات، لەبەرئــەوەی فەلســەفە لای ئــەو «عمومیاتــە». واتــە وەک ســیفەتێكی گشــتی بەكاردێــت. بۆیــە، دەكرێــت بڵێیــن ‹فەلســەفەی ئاوخواردنەوە›، فەلســەفەی نانخــواردن و ڕۆیشــتن و هتــد... بــەڵام، لەڕاســتییدا ئەمــە فەلســەفە نییــە بــەو مانایــەی فەیلەســوفەكان بەدرێژایــی مێژووەكــەی پراكتیزەیــان كــردووە. ئــەو ڕاشــكاوانە، لەپێشــەكی كتێبــی ‹الالتــزام›دا دەنووســێت: هــۆكاری نووســینی ئــەم پەرتوكــە، دەگەڕێتــەوە بۆئــەوەی كــە بیســەلمێنم پەیوەندیەكــی توندتــۆڵ لەنێــوان ئیلتزامــەكان و زانســتەئەقڵییە ئامرازاییەكان-الآلی-(لۆجیــک و فەلســەفە)دا هەیــە (الزلمــي ٢٠١٤، ١١).

لێــرەدا بەڕاشــكاوی ‹زەڵمــی› فەلســەفە دەكاتــە ئامرازێــک، نــەک بوارێــک لەپێنــاو خۆیــدا وەک ئەرســتۆ دەڵێــت؛ فەلســەفە تاكــە بوارێكــە لەپێنــاو خۆیدایــە. جگەلــەوەش، ئــەو تەنهــا لەرێگــەی ســەرچاوەی لاوەكــی و دەســتی دوو و سێهەمەوە پێناســەكانی فەلســەفەی هێناوەتــەوە. بەداخــەوە، ڕەنگــە تەمــەن یــا ســەرقاڵی ڕێینەدابێــت. بەڵام، ســەرەڕای ئــەوەی توانــای زمانــی و ئەقڵــی بــەرزی هەیــە، نەگەڕاوەتــەوە ســەر پێناســەكانی فەلســەفە لەنێــو دەقــە ســەرەكی و گرنگەكانــی فەیلەســوفەكاندا.

بــەڵام، گرفتێكیــتر ئەوەیــە ‹فەلســەفە› وەک توێژینەوەیەكــی ســەربەخۆ لەخۆیــدا دانەنــراوە. مــادام واتــای ڕاســتینەی ‹فەلســەفە›، توێژینــەوەی ســەربەخۆ نییــە لەخۆیــدا، ئیترمــەودا باسوخواســی فەلســەفی و بابەتەكانــی لەڕێــی ئــەو ئامانــج و پێــوەرو مەبەســتانە دیاریــدەكات كــە لــە پێناویــدا هەیــە. واتــە، ئەگــەر فەلســەفە ئامــرازی شــیكردنەوەو ڕاڤەكردنــی بڕیــارو فەرمانــە شــەرعییەكان بێــت، ئیــتر ئــەوە شــەرع پێــوەرو بنەمــاو ئامانــج و ڕێكاریەكانــی توێژینــەوەو بیركردنــەوەو پرســیاركردنی بــۆ دیاردەكات. نــەک ئــەوەی فەلســەە لەخۆیــداو لەنــاوەڕا بــوارو بابــەت و پرســیارەكانی وەک تویژینــەوەی ســەربەخۆ و خۆبەخــۆ ئاڕاســتەبكات. بەدەربڕینێكیــتر، ئاڕاســتەكردنی فەلســەفەیە بەپێــی ئــەو ئامانــج و مەبەســتانەی لــە دەرەوە بەســەریدادراوەو بــۆی دیاركــراوە. ئەمــەش وادەكات بیركردنــەوە ســنووردارب‌ێ و لــە جوخــزی ئــەوەی لــەدەرەوەی بــۆ دانــراوە بســوڕیتەوە. كەواتــە، مــەودای توێژینــەوە بیركردنــەوەو پرسیارەفەلســەفییەكانیش دەستنیشــانكراوەبن. بەمــەش ئــازادی بیركردنــەوەی فەلســەفی ســنووری بــۆ دەكێشرێــت. فەلســەفەش ئــازادی بیــرو پرســیاركردن و ســۆزاكردنی لێبســەنیتەوە، وەكئــەوەی ‹ســیبەكانی› دەرهێنرابێــت. هەروەهــا، خوێندنەوەكــەی تاڕادەیــەک نافەلســەفیانەیە. دیاریكردنــی ئــەرک و ڕۆڵــی فەلســەفە لەخزمەتــی ئــەو ئامانجەدایــە كــە شــەرعە. واتــە،

خوێندنەوەیەکی شەرعیانەی فەلسەفە، لە دیارکردنی فەلسەفەدا هەیە.

جگەلەوە، گرفتێکیتر لەوەدایە کە لە گۆشەنیگایەی ئەودا ‹لۆجیک و فەلسەفە› بەجۆرێک تێکەڵکراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی فەلسەفە وەک چالاکیەکی باڵای ژیریی- بیری مرۆڤ، یەک تاکە پێناسە هەڵناگرێت. بەڵام دەکرێت بڵێین: ‹فەلسەفە توێژنەوەیە لە بنەڕەتەکانی سروشتی زانین، واقیع و بوون›. ئیدی، ئەم کۆششەی ‹زەڵمی› لەپێناسەکردندا، بەسەر فەلسەفەدا وەک بوارێکی جیاوازو سەربەخۆ ناسەپێنرێت. چونکە، لەمانای زمانییەوە ناتوانین بەدروستی چییەتی و ناوەڕۆکی فەلسەفە بناسین و دیاریشبکەین. هاوکات، هەوڵەکەی ئەو بەلێکدانەوەی زمانی و ئامانجەکەی، وەسفێکی سادەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێین؛ ئەگەرچی روانگەکەی مایەی پێزانینە وەک پێشتر لەمیانەی باسکردنی دانایی و ئامانجەباڵاکانی شەریعەدا باسکرا. نابێت فەلسەفە وەک ئامراز بکرێتە پاشکۆی بابەتیتر. دەکرێت لۆجیک، رەوانبێژی وەک ئامرازێک بەکاربێت. یا هاوکاربن لەداڕشتنی قانون و تێگەیشتن لەبنەماکانی شەریعە کە پێوان- قیاس-ەیە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ٢٨٣). ئەمەش رەهەندێکی گرنگی کۆششەکەیەتی. بەڵام، دەکرێت گرفتی ئەو تێگەیشتنە لەم خاڵانەدا کورتکەینەوە:

خوێندنەوەو لێکدانەوەی نافەلسەفیانەی بۆ فەلسەفە هەیە.

بۆیە، پێناسەکەی تارادەیەک بەهێزنییە.

نەریتی سکۆلاستیکی ئیسلامی سەدەکانی پێشوو، هێشتا کاریگەرە لەسەر روانگەکەی.

فەلسەفە وەک لۆجیک بەئامراز دەکەوێتەوە، نەک بوارێکی سەربەخۆ.

ناڕوونی ئەو لەوەدایە فەلسەفە بەئامراز و ئامێرێک پاشکۆی دەقی قانون و شەریعەتە دەزانێت.

ئەمەش سەربەخۆیی بیری فەلسەفی و توێژینەوە لەبابەتەکانی دەکاتە شتێکی لاوەکی و کەم کاریگەر.

کەواتە، فەلسەفە لای ئەو تەنها داناییە. بەڵام لای فەیلەسوفەکان، مەرج نییە هەموو مرۆڤیکی دانا فەیلەسوف بێت .

## تەوەری سێهەم: لۆجیکی شەریعەو قانون

لێرەدا دەکرێت بڵێین؛ ئەوپەردەی لەنێوان شەریعەو قانون و فەلسەفەدایە، دەگەڕێتەوە بۆئەو تێگەیشتنە لۆجیکیەی کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە. ئەوەی زەمینەی هاوبەشیان بۆ دروستدەکات؛ ناوەڕۆکی پەیام و ئامانجەکەیانە. سەرەڕای ئەوەی ‹زەڵمی› باسی ئەرک و ئامانجی ‹فەلسەفە› لەروانگەی ئایینەوە دەکات، هاوکات دیدگەیەکی فەلسەفییانەی تایبەتی (ئەگەرچی لەدەرەوەی پسپۆڕی فەلسەفەشە) بۆ ئایین/شەریعە هەیە کە خۆی پەسەندی دەکات، پەیرەولێدەکات.

ئەو پەیوەندییەش لەئامانجی فەلسەفەو شەریعەدایە. هاوکات، فەلسەفەش وەک دانایی دەتوانێت پردێک بێت. چونکە، وشەی «دانای»ی لە قورئاندا هاتووە. هەروەها، لێکدانەو شرۆڤەکردنی دەقەکان، جۆرێک لەدانایی دەخوازێت کە ئەویش بەرژەوەندی و چاکەمی مرۆڤایەتییە. بۆیە، دەکرێت دانایانە ماماڵە لەگەڵ ناوەرۆک و پەیامی شەرعدا بکرێت. هەڵبەت، پێشتر ئاماژەبەوەدرا وشەی دانایی بەزۆری لای ئەو هەمان مانای فەلسەفە دەدات. ئەمەش بەرمەبنەمای تێگەیشتنیەتی بۆ (٤) هۆکارەکەی بەناوبانگەکەی ‹ئەرستۆ›. زەڵمی پێیوایە هەموو

روداوێکی ویستراو-خۆویست- لەمرۆڤیکی پێگەیشتوو ژیردا، دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکار(علە): ١- کاریگەری، ٢- مادی و ٣- وێنەیی و ٤- ئامانج. (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٢٩).

لەمەوە فەلسەفەی قانون یا شەریعە، واتە ئەو پێوەرەی کە بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەگرێتەو. شایەنی ووتنە، ئەم تێگەیشتنە، بەجۆرێک ئەقڵانییەتی ‹زەڵمیی› دەردەخات. لەبەرئەوەی باوەڕی وایە کە لەڕاستییدا هەرچییەک لەسودوکەڵگی مرۆڤدا بێت، ئەوە کرۆکی پەیامی ئیسلامە (زلمی، فلسفة الشريعة ٢٠١٤، ١٣٠). بۆیە، دەبێت، بپرسین؛ ئەو پاساوە لۆجیکیە چییە کەوایکردووە ‹زەڵمی› لەروانگەی بەرژەوەندی و چاکەی مرۆڤەوە، لەدەقەئاییینی و قانونیەکان تێبگات؟

## لۆجیکی شەریعەو قانون

وەک باسکرا ‹زەڵمی› رەخنەی لەو پێناسانەی کە بۆ فەلسەفەکراون، گرتووە. بەڵام، گرفتەکە لەوەدایە کە لەو گۆشەنیگایەی ئەودا ‹لۆجیک و فەلسەفە›، بەجۆرێک تێکەڵکراون. ئاشکرایە توێژینەوە لە بابەتە «تەسەوری» و «تەسدیقییەکان» بەشێکە لە لۆجیک، نەک فەلسەفە. دواجار ئەو تێکەڵکردنە بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. ئاشکرایە، لەمێژووی ‹لۆجیک› دا، لەگەڵ ‹ئەرستۆ› وەک زانستیکی سەربەخۆ دەرکەوت و لە کتێبەکانی ‹شیکاری یەکەم› و ‹شیکاری دووەم› بەووردی بابەتەکانی باسکردوون (عەزیز ٢٠١٦, ٣٠). هەروەها، لە ‹الصلة بين المنطق و القانون› دا باسی گەشەکردنی لۆجیک دەکات و بایەخی لە تێگەیشتن و پێناسەکردندا دەردەخات. پێیوایە کە سەرەڕای ئەوەی لۆجیک لەسەردەستی ‹ئەرستۆ› بە کامڵی لەدایکبووە، بەڵام بەهۆی زانای مسوڵمانەوە لەسەدەکانی سێەمی کۆتایی ئەوان رۆڵیان لەپێشخستنیدا هەبووو. لۆجیکی ئەرستۆ بۆ بابەتە هەمەکییەکان(الكليات) نەک هەندەکیەکان(الجزئيات) گونجاوبوو. بەڕای ئەو، مادام لۆجیکی ئەرستۆ وێنەییەو ناوەڕۆکی نییە، هەندێک پرسی شەرعی وورد هەیە پێویستە بەروانگەیەکی هەندەکی کارلەسەربکرێت. جگەلەوەی رەهەندو لایەنی ئەزموونی تێدانەبووو. بۆیە، زانامسوڵمانەکان پەرەیانپێداو پاشتر لەئەوروپاش پەرە بەلۆجیکدا درا هەر لە فرەنسیس بەیکۆن تا کانت و هیگڵ و هتد... زانایانی لۆجیک بەگشتی درککردنی مرۆڤیان بۆ ‹تەسەور› یا ‹تەسدیق› دابەشکردووەو. هەروەها، هەریەکەشیان بەسەر بەڵگەنەویست و تیۆرەبەدەستهاتووەکان-مکتسب-دا پۆلێنکردۆتەوە. دواجار، دەریانخستووە مرۆڤ دەکەوێتە هەڵەوە.

بۆیە ئامانجی لۆجیک پاراستنی ژیری مرۆڤە لەکەوتنەهەڵەوە (زلمی، الصلة بين المنطق و القانون ٢٠١٤، ٢٥). بۆنموونە لەباسی چەمکی ‹المصادره على المطلوب› دا ئاماژە بەوەدەکات هەندێک بەهەڵە لێیتێگەیشتون. چونکە، پاشخانی لۆجیکیان نییە، بۆیە لەرێساو بنەما قانونی و ئوسوڵیەکان ناگەن. لەروونکردنەوەی ئەو چەمکەدا، دەریدەخات کە مانای ئەستەم و مەحاڵی لۆجیکی نییە لەکاروباری واقیعی یا ئیعتیباریدا لەدەرەوەی بیری مرۆڤ (زلمی، الصلة بين المنطق و القانون ٢٠١٤، ٤٢).

بەپشتبەستن بە لۆجیک، فەلسەفەی قانون کۆمەڵێک ئامانجی باڵا لەخۆدەگرێت: یەکسانی، دادوەری. بەڵام، لەبەرئەوەی زانایانی قانون ئاگایان لە لۆجیک نییە، زۆر رواڵەتی مامەڵە لەگەڵ دەق و رێساکاندا دەکەن. لەکاتێکدا لۆجیک بنەما و کۆڵەکەکانی مەرجی پێناسەکردنی دیاریکردووە (زلمی، فلسفة الشريعة

٢٠١٤، ١٧). واتــە، بۆئــەوە لەچیەتــی و ئامانجــی قانــون و شــەریعە تێبگەیــن، دەبێــت دیدێکــی لۆجیکیــمان هەبێــت. هــەر لەوسۆنگەشــەوە، مەبەســتی خــۆی لەفەلســەفەی قانــون بەمجــۆرە ڕوونەدەکاتــەوە: ‹علــة واتــە مەبەســت وئامانجــی قانــون. هــاوکات، ئــەو دەســتەواژەیە-علە- هاوواتــای بەرژەوەندەییــە بەزمانــی ئەمــڕۆ. چونکــە، هەمــوو قانونێــک لەپێنــاو بەرژوەنــدی ئــەو کۆمەڵگەیــەی تێدایــە، ملکەچــی گۆڕیــن یــا ســڕینەوە- نســخ- (زلمــی، فلســفة الشریعــة ٢٠١٤، ١٣٩).

ئــەم تێگەیشــتنە، بەجۆریــک لــە فەلســەفەی ‹پراگماتیــزم› و ‹ئوتولیــزم›ی ئینگلیــزی ‹جیــرم بێتنــام› وە نزیکــە. چونکــە، ‹ســوودوکەڵکی قانونــی، فەلســەفەی قانونــی وەزعیــە› (زلمــی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٣١). ئەمــەش، تێگەیشــتن و بۆچوونــی ئــەو قانونناســانە ڕەتدەکاتــەوە کــە بەهای-ســوودوکەڵک- قانــون لــە ســەر ‹مافــی سروشــتی› یــا ‹بیروبــاوەری ئایینــی› یــا ‹ڕەوشــتی› دادەمەزرێنــن. لەقوتابخانــەی فەلســەفەی پراگماتیزم-ئوتولیزم-دا، تەنهــا پەیوەنــدی پتــەوی نێــوان ســوودو قانــون، پێــوەرو ڕێســای بنەڕەتییــە. واتــە، ســودوکەوڵک بنەمــای قانــون و ئامانجەکــەی دەستنیشــاندەکات.

بۆیــە، دەکرێــت بڵێیــن، زەڵمــی لەگــەڵ ئــەم ڕوانگــە فەلســەفییەدا هاوڕایــە. هەروەهــا ئــەو زیاتــر لەســەر ئــەم ڕێبــازە لەداڕشــتن و ئامانجــی قانونەکانــدا دەدەوێــت و هــۆکاری ئــەو پەیوەندییــەش (ســوودوکەڵک و قانــون) دەگەڕێنێتــەوە بــۆ بنەمایەکــی واقیعــی لەژیانــی مرۆڤــدا کــە ئەویــش: بەدیهاتنــی خۆشــی و چێــژ و تەناهییــە لەلایــەک. هەروەهــا، بەرپەرچدانــەوەو کەمکردنــەوەی ئێشــوئازارە لەلایەکیــترەوە (زلمــی، فلســفة الشریعــة ٢٠١٤، ١٣١).

بۆیــە، ئامــاژە بــەو ڕاســتییە دەدات لای ‹بێتنهــام› کە ســوودوکەڵک تاکــە بنەمــای دەوڵــەت و ئامانجەکانیەتی. لەو ســۆنگەوە، ئــەو بیرۆکــەی ‹قانونــی سروشــتی› یــا ‹پەیمانــی کۆمەڵایەتــی›  بەوەهــم و تەونــی خەیــاڵ دادەنێــت، بــەڵام بێئــەوەی درێــژەی پێبــدات و ڕوونتریکاتــەوە. لەئاکامــدا، هەڵوێســت و پێگــەی خــۆی لەپێناســەو ئامانجــی قانونــدا ڕوونەدەکاتــەوە کەســەر بەرێبــازی ‹ئوتولیزمــە›! ئەگەرچــی ئــەو ڕوانگــەی هەمــوو قوتابخانەکانــی وەک ‹مافــی سروشــتی› و ‹پەیمانــی کۆمەڵایەتــی› ڕەتدەکاتــەوە، بــەڵام ڕوانگــەی ئایینیــش بــۆ ئامانــج و ڕێســاکان ڕەتناکاتــەوە. بەمەرجێــک ئەگــەر، شــەریعەو قانــون پابەنــدی بنەمای ســودوکەڵک بــن لەڕێنمایی و ڕێســاکانیاندا. ئەمــەش دیدێکــی ئەقڵانــی پراکتیکــی و ســەردەمیانەیە کــە دەبێــت بــۆ ‹زەڵمــی› تۆمارکرێــت. لەبنەڕەتــدا بیرۆکــەی ســوودی قانــون بــۆ فەیلەســوفی یۆنانــی ‹ئەپیکــۆر› دەگەڕێتــەوە کــە بەدامەزرێنــەری ‹قوتابخانــەی چێژگــەری› نــاسراوو بەناوبانگــە. خاڵێکیــتر ئەوەیــە، زەڵمــی ســەبارەت بە‹فەلســەفەی قانــون› لەجێبەجێکردنــدا، واتــە پێــوەرو ئامانجەکــە، چاکەیەکــی باڵایــە. بۆیــە، لەپێــوەری ســزا بەســەر تاوانــکاردا، چاکســازیی مەبەســتە نــەک تۆڵەکردنــەوە. چونکــە، تاوانــکار کــە ئــازادی و مافــی لێدەســەنرێتەوە، ناکرێــت تۆڵەکردنــەوە ببێەئامانــج. بەڵکــو، گێرانــەوەی بۆســەر ئــاکاری خــۆی ئامانجــە. ســەرەڕای ئــەوەی ســزادان قــورس و ناخۆشــە، بــەڵام دادوەری وادەخوازێــت هەمــوو دەوڵەتێــک سیاســەتی ســزادامی خــۆی لەبیرۆکــەی تۆڵــەو هەقلێکردنــەوە، بــۆ تێــورو ڕوانگــەی چاکســازی بگۆڕێتــە (زلمــی، فلسـفة الشریعـة ٢٠١٤، ١٤٠).

لێــرەوە، ئــەم بۆچوونــە، دیدێکــی مرۆڤدۆســتانە(هیومانیســتانە)ی ‹زەڵمــی› لەبــواری جێبەجێکردنــی قانونــی

سـزاکاندا دەردەخـات١١. بۆیـە، دەکرێـت بڵێیـن، دیـدو بۆچوونەکانـی ئـەو بـۆ قانـون و شـەریعە هەمـووی لەسـەر بنەمـای ئـەوەی کامـە چاکـەو سـودی مـرۆڤ و کۆمەڵـگای تێدایـە، دامـەزراوە. ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ تێگەیشـتنی لەفەلسـەفەی قانـون و شـەریعە کـە بەرمەبنەمـای رێسـایەکی ئامانجەکییـە: دەبێـت -علـە- قانـون یـا دەقێکـی شـەرعی لـەو هـۆکارەدا بدۆزینـەوە، کـە دەقەکـەو ئامانجەباڵاکانـی شـەریعە لەپێناویـدا هاتۆتەئـاراوە. ئەمـەش، رەهەندێکـی پراکتیکـی و هـاوکات کرانـەوەی بیـری ‹زەڵمی›یـە بەسـەر سـەردەم و گۆڕانکارییەکانیـدا.

## دەرئەنجام

لەلاپەڕەکانـی پێشـوودا بۆمـان دەرکـەوت، فەلسـەفە وەک وشـەو پێناسـەکردن، لای زەڵمـی بایەخـی خـۆی هەیـە. لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو روانگەیەکـی ئامرازگەریـی لەپێناسـەکردن و تێگەیشـتن لـە فەلسـەفەدا هەیـە. بۆیە، زیاتـر وەک پێشـگرو سـیفەتێک کـە خزمـەت یـا ئەرکـی بابـەت و بوارێکـی شـەرعی هەبێـت، بەکاردەهێنێـت. بەڵگـەی ئەمـەش ئەوەیـە کـە پێناسـەباوەکانی فەلسـەفە رەتدەکاتـەوە. لەبەرئـەوەی، بـەڕای ئـەو، دەبێـت تێگەیشـتن لەفەلسـەفە لەروانگـەی ئـەرک و ئـەو ئامانجـەی لەپێناویدایـە بکرێـت. ئەمـەش، بەپشتبەسـتن بـە وشـەی ‹الحکمـة›، کـە لەدەقـی قورئانـدا هاتـووە، هاوواتـای وشـەی فەلسـەفەیە.

شـایەنی ووتنـە، هەوڵوکۆششـەکەی ‹زەڵمـی› سـەر بەرێبازێکـی فێرگەییـە. واتـە، زیاتـر خـۆی لـە راڤەکـردن و لێکدانـەوەی زمانەوانـی بناوانـی وشـەی فەلسـەفەدا چڕدەکاتـەوە. لەبەرئـەوە، بۆچوونەکـەی ناکەوێتـە خانـەی ئـەو رێبـازو تێـزە فەلسـەفیانەی لەلایـەن فەیلەسـوفەکانەوە پەسـەندو بـاون.

بـەڵام، لەگـەڵ ئەمەشـدا، پێویسـتە هەوڵیکـەی ‹زەڵمـی› چ لەلایـەن توێژەرانـی خوێندنـە ئیسـلامییەکانەوە چ لەلایـەن ئەوانـەی بایـەخ بەفەلسـەفەی ئیسـلامی دەدەن، بەهەندوەربگیرێـت. لەبەرئـەوەی، کارەکـەی ئـەو لەبنەڕەتـدا، هەوڵێکـە لەپێنـاو سـازاندنی فەلسـەفەو ئایینـە. بەتایبـەت، کـە رێگـەی خۆشـکرد پەیوەنـدی نێوان فەلسـەفەو لۆجیـک لەگـەڵ شـەرعدا بخاتـەوە بەربـاس. بەمـەش، پەیوەنـدی ئاشـتەوایی لەگـەڵ هـەردوو بوارەکـەدا زیندووکـردەوە. بەتایبـەت، ئـەو دابـڕان و جۆرەناکۆکیـەی کـە لەمێـژەوە لەنێوانیانـدا هەبـووە.

سـەروەختێک کـە پایتەختـی دەوڵەتـی عەباسـی، لانکـەی سـەرهەڵدان وەرگێڕانـی فەلسـەو لۆجیـک و زانسـتەکانیتر بـووە، فەلسـەفە کەوتەبـەر شـاڵاوی دژایەتیکـردن لەلایـەن هەندێکـی لێکدانـەوەی دۆگمایـی ئایینیـەوە. دواجـار، بەهۆیـەوە ناتەبایيـەک لەنێـوان ئایـن و فەلسـەفەدا کەوتـەوە. لەئاکامیشـدا، بەسـوتاندنی بەرهەمـی فەیلەسـوفەکان و راوەدوونانـی بەشـێکیان دەسـتپێکرد. بەمـەش، جیهانـی ئیسـلامی لەکاروانـی فەلسـەفە بێبەشـبووو پاشـکەوت. ئەگەرنـا، لـەو جیهانـە پـان و بەرینـەدا دەیەهـا کەڵـە فەیلەسـوفی گرنـگ و بایەخـدار هەڵکەوتـوون کـە بوونـە سـەرچاوەی بیرکردنـەوەی فەیلەسـوفە خۆرئاواییـەکان.

بۆیـە، هەوڵەکـەی ‹زەڵمـی› بەجۆرێـک جەختکردنـە لەگرنگـی و پەیوەنـدی فەلسـەفە بەئایینـەوە. پاشـان، دەروازەی روانینێکـی سـەردەمی و هـاوکات کرانەوەیـە بەسـەر زانسـتەئەقڵییەکاندا. لـەوەش گرنگـتر، زەڵمـی

١١ رەنگە، ئەم بۆچوونەی زەڵمی کاریگەری هەبێت لەسەرئەوەی سزای لەسێدارەدان، بگۆڕێت بە میکانیزمیکیتر کەمرۆڤانەترو بەسوودتر بێت بۆ کۆمەڵگە. ئەمەش بابەتێکی تایبەتی قانونیە. هیوادارم پسپۆڕانی قانون لەمبارەوە توێژینەوەی زیاترو وردتر لەتێزەکەی زەڵمی بکەن.

لەراڤەکردن و تێگەیشتن لەدەقەکان و قانوندا، لۆجیکێکی مرۆڤدۆستانەی هەیە. بەرژەوەندی و چاکەی مرۆڤ و کۆمەڵگە، دەکاتە پێوەری ئامانجە شەرعییەکان. لەو سۆنگەوە، تێگەیشتنەکەی زەڵمی لەبواری شەرعی و قانونیدا، بایەخێکی تایبەتی هەیە.

کەواتە، دەکرێت ئەم دەرئەنجامانە بەدەستبهێنین:

دیدێکی ئامرازگەریانەی بۆ ناوەڕۆک و مانای فەلسەفە هەیە.

ڕەتکردنەوەی پێناسەکانیتر. بەهۆی کەموکورتی پێناسەکانی پێشووتر کە بۆ فەلسەفە کراون، بەتایبەت کە ئامانج لەفەلسەفە تەنها توێژینەوەیە لەبابەتی بوون، زانین بۆنموونە، بۆ زەڵمی مایەی پەسەندکردن نییە.

پێناسەی فەلسەفە وەک بوارێکی سەربەخۆ، لای ‹زەڵمی› نییە.

بۆیە، فەلسەفە تەنها واتایەکی گشتی ئامرازەکی هەیە.

مانای دانایی و ئامانج، کرۆکی پەیوەندی دروستی نێوان فەلسەفەو قانون و شەرعە.

هەمان پێوەریش بۆ دەقەشەرعیەکان بەکاردەهێنێت. ئەو پێیوایە گرنگیان دەگەڕێتەوە بۆئەو ئامانج و هۆکارەی لەپێناوییدا هاتوون: ئەویش بەرژەوەندی و چاکەی کۆمەڵگاو مرۆڤە.

بەمەش زەڵمی دەبێتە دەروازەی خوێندنەوەیەکی نوێ لەراڤەکردن و کرۆکی دەقەکانداو هاوکات پەرهیەکی نوێ لەپەیوەندی نێوان فەلسەفەو ئاییندا.

هەبوونی دیدێکی مرۆڤدۆستی لەجێبەجێکردنی قانونی سزاکاندا.

## سەرچاوەکان


ابن صلاح. فتاوی و مسائل في التفسير و الحديث و الأصول و الفقه. دار المعرفة، ١٩٨٦.

أبي عمرو بن الصلاح. فتاوي ابن الصلاح . القاهرة: دار الحديث، ٢٠٠٧.

بطرس أبومنه. دراسات حول مولاناخالد و الخالدية. ص ١٢-١٣. . السليمانية: مؤسسة حمدێ للنشر و الطباعة، ٢٠٠٩.

دۆلۆز، ژیل. ئەلف و بێ. سلێمانی: دەزگاری ئایدیا, ٢٠١٨.

شوکر مستەفا. سەرچاوەکانی بیری کوردەواری . هەولێر : دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦.

شێخ ممحدی خاڵ. چەند یاداشتێکی شێخ محمدی خاڵ . سلێمانی: زنجیرەی کتێبی تیشک ، ٢٠٠٦.

عەزیز, حەمید. لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, ٢٠١٦.

مصطفى الزلمي. الالتزام. نشر احسان للنشرو والتوزيع، ٢٠١٤.

مصطفى زلمی. الصلة بين المنطق و القانون. نشر احسان، ٢٠١٤.

—. فلسفة الشريعة . نشر احسان للنشرو والتوزيع، ٢٠١٤.

—. معين القضاة لتحقيق العدل و المساواة؛ الصلة بين المنطق و القانون . ٢٠١٤.

ئەرستۆتالیس. میتافیزیک: کتێبی ئەلفا. وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال د ٢٠. سلێمانی: هزگای سەردەم، ٢٠١٢.

## لینکی ئەلەکترۆنی:

http://diplomaticmagazine.net/politics/١٦٠٧?fbclid=IwAR٠uF٤SvtnKVY٢١c-QvlZQADFuZ١trnOyHQneRcmTAqB٩l٩qL_bRMWGUB٦٨


## ملخص البحث

يعتبر ‹د. مصطفى زلمي› من احد العلماء الأكاديميين في مجال الدين و القانون. لكنه اهتم بالفلسفة ايضا بجانب اهتماته الفقهية و الأصولية. فلقد حاول من خلال كتاباته الوصل أو التوفيق بين الفلسفة و الشريعة و اضفاء نوع من العقلانية على تفسير النصوص الدينية ايضا. ومن خلال هذا انتج تصورات خاصة به تجاه مواضيع شرعية مختلفة و الذي ميزه هذا عن غيره من الفقهاء.

في هذا البحث، يحاول الباحث شرح مفاهيم و محاولات دكتور زلمي في تعريف الفلسفة اولا و من ثم نظرته العقلانية تجاه امور قانونية و شرعية. ويتم ذلک، من خلال قراءة ثلاثة نصوص رئيسية في مجمل اعماله الكاملة. لأن زلمي اسس مفاهيمه و نظراته بشكل مستقل في هذه النصوص اللثلاثة.

و مما يلفت النظر هنا، ان زلمي قام بشرح و بتوضيح المفاهيم و التعريفات الموجودة و السائدة عن الفلسفة. لكن حاول تقيم هذه المفاهيم و نقدها في نفس الوقت. بعدها، اعد تعريفا للفلسفة و معانيها و غايتها من خلال العلاقة الوثيقة بينها و بين النصوص القرآنية.

فالفلسفة، عبارة عن «حكمة» التي اوردها النصوص و غايتها المنفعة البشرية. كما ان الأوامر الشرعية و الأحكام الفقهية و القانونية لها «فلسفة» خاصة بها. فالفلسة، تصبح اداة لغاية أسمى و صفة لازمة للأمور الشرعية.

حسب هذا التعريف الأداتي للفلسفة، كون علاقة وثيقة بين الشريعة و الفلسفة معا. بتعبير آخر، ان العلاقة بينهما، علاقة تكاميلية. اي علاقة بين ‹وصف› -الفلسفة- و ‹موصوف›-الشريعة. فالعلاقة اذن، علاقة غائية بين وسيلة(الفلسفة) و الغاية (الشريعة). مادام الغاية الأسمى للفلسفة و الشريعة هي السعادة و الخير العام للبشرية، فهناک علاقة تكاملية بينهما.

## Zalmi's Understanding and Definition of the Concept of Philosophy

Abstract

Among the Kurdish religious and academics figurers, Dr. M. Zalmi has been known by his way of interpreting religious texts. Through his major works, about the Law and AL-sharia, he introduces the current and classical detentions of Philosophy in the relation to religious texts. After evaluating and criticizing most well-known definitions, he introduces his own definition.

He thinks that any definition of Philosophy should be related to its task and relation to the Al-Sharia goals. Therefore, he uses the word 'philosophy' as a tool for the Al-Sharia rules and demands. Because that both Sharia as well as the philosophy has one aims: serving the wellbeing and happiness of Humanity.